www.kurdistannet.org
30-12-2006 18:57بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# دەرگای خەیاڵ ... هیوا طه



خۆشەویستم ئەوساتانەی چاوەکانت
بە ناو رۆحی خەودا چووە
ئەو ساتانەی تیشکی خۆر
لە روخساری تۆ ونبووە
**** **** ****

ئەو ساتانە دەرگای خەیاڵ
بە رووی مندا ئەکرێتەوە
هەستم لەگەڵ تۆدا ئەژی
هەتا شەو رۆژ ئەبێتەوە
**** **** ****

بروا بکە هەموو شەوێک
گیان ئەکەمە قوربانی تۆو
بادەی ژەهرت بۆ ئەنۆشم
ئاسوودەیی گشت ساتێکم
کردۆتە پێخەفی عیشق و
جەستەی نەرمت دا ئەپۆشم
**** **** ****

دڵم بۆ تۆ ئاسمانێکە
فرمێسکی بەفرین ئەبارێنێ
کلۆ کلۆ سپی سپی
شرووشت بۆ تۆ ئەتاسێنێ

hiwa2005@hotmail. co. uk